# ئایا دوای یەکگرتنەوەی حکومەتی کوردستان، سلێمانی پەراوێز کراوە؟!

## بەدواداچوونێک بۆ لێدوان لەسەر نەبوونی یاسایەک بۆ ڕێکخستنی ئەرک و مافەکانی نێوان وەزارەتی شارەوانی و سەرۆکایەتی شارەوانی و پارێزگارەکانی حکومەتی کوردستان

### بەشی یەکەم

ماوەیەکە دەنگۆی زۆر لەملاو لەولا، بەتایبەت لە هەندێ کەناڵی ڕاگەیاندن و لەسەر زاری هەندێ لە بەرپرسانی سلێمانی، بڵاوبۆتەوە، گوایا لەوەتەی حکومەتی کوردستان بۆتە یەک حکومەت و، هەولێر پایتەختی کوردستانە، شاری سلێمانی لە کارە خزمەتگوزارییەکان بێبەشکراوە، یاخود ئەو شارە پەراوێزکراوەو تەنانەت زێدەڕۆیی وای تێداکراوە گوایا بۆتە قەزا لە بری پارێزگا. هەفتەنامەی گوڵان بۆ بەدواداچوونی ئەم پرسە، بە پێویستی زانی مێزگردێک لەمبارەیەوە، لەگەڵ خودی بەرپرسانی سلێمانی کە بەڕێز پارێزگارو سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانییە، بە ئامادەبوونی بەڕێز پارێزگاری هەولێرو هەروەها لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان و مامۆستای زانکۆ، سازبدات کە ئاخۆ، ڕاستە سلێمانی وەک قەزای لێهاتووە؟
گرفتەکان لە کوێن؟ چارەسەرەکە چۆنە،.. ئەمانەو دەیان پرسی دیکە لەو مێزگردە هاتنەبەر باس، بۆ ئەوەی بتوانین ڕاستییەکان وەکو خۆیان بخەینەڕوو، وا لەم ژمارەیەدا بەشی یەکەمی تەوەرەکە دەخەینەبەر دیدی خوێنەران و لە ژمارەی داهاتووش، بەشی دووەمی مێزگردەکە بڵاودەکەینەوە، هەر لێرەوە ڕاشی دەگەیەنین لە ڕۆژانی دادێ، سەتەلایتی کوردستان تی ڤی، دەقی ئەم مێزگردەش پەخش دەکات، ئەمەش هەنگاوێکی دیکەی سەرکەوتنی ڕاگەیاندنی کوردییە، کە بۆ یەکەمجارە هاوکاری نێوان هەفتەنامەی گوڵان و کوردستان تی ڤی وەک نموونەیەکی زیندوو دێنە واری پیادەکردنەوە. کە بە هیواین لە هەنگاوەکانی ئایندە هاوکارییەکان چڕتر ببنەوە کە هەمووی لە پێناوی زیاتر خزمەتکردنی گەل و نیشتمانەکەمانە، ئەمەش دەقی مێزگردەکەیە.



**گوڵان:**

**دەمانەوێت لەسەر چۆنییەتی کارکردن لە پڕۆژەکان و کاردانەوەی یەکگرتنەوەی هەردوو حکومەتی کوردستان چۆنە و هەندێ جاریش لێرە و لەوێ، ئەوە نیشان دەدرێ گوایا پارێزگای سلێمانی و پڕۆژەکانی تا رادەیەک پەراوێز کراون، بۆ ئەوەی بزانین ئایا ئەو قسانە لە واقیع و راستی نزیکن یاخود بۆتە دروشمێک و بە مەبەستێکی سیاسی، یاخود بۆ هەر مەبەستێکی تر بەکار دێن، لە سەرەتاوە لە بەڕێز دانا ئەحمەد پارێزگاری سلێمانی دەست پێدەکەین، ئایا کارە خزمەتگوزارییەکان لە پێش یەکگرتنەوەی حکومەتی کوردستان ئاڵۆزی هەبووە، یاخود لە پاش یەکگرتنەوەکەوە ئاڵۆزی تێکەتووە؟**

**بەڕێز دانا ئەحمەد مەجید پارێزگاری سلێمانی لەمبارەیەوە گوتی:**

دیارە یەکگرتنەوەی هەردوو حکومەتی کوردستان هەنگاوێکی ئازایانە و نیشتمانی بوو لەپێناو بەرژەوەندی گەلی کوردستان، دوای گفتوگۆ و هەوڵدانێکی زۆر دوور و درێژ شێوەی یەکگرتنەوەیەکی تەواوی حکومەتی کوردستان بەدی ناکەم، چونکە لە هەموو حکوومەتێکدا چەند وەزارەتێکی گرنگ و کاریگەر هەیە کە تا ئێستاکە بە تەواوی یەکتریان نەگرتۆتەوە وەزارەتەکانیش وەکو (وەزارەتی ناوخۆ و داد و پێشمەرگە و داراییە) تا ئێستا دوو وەزارەت و دوو دەسەڵاتی دارایی هەیە ,دوو دەسەڵاتی سەرفکردنی دارایی هەیە لەبەر ئەوە ناکرێت و لە دەسەڵاتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران نییە ئەو پارەیەی لە دارایی سلێمانی هەیە بۆ سلێمانی سەرفی بکات و لە دەسەڵاتی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم نییە ئەو پارەیەی لە وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم هەیە سەرفی بکات کەواتە دوو سەرف و دوو بودجەی جیامان هەیە، ئەم جیاوازیانەش وایکردووە پلانەکانیشمان جیا بێت و هاوکات پەرلەمانیش کەمتەرخەم بووە لە مەسەلەیەکی زۆر زۆر گرنگ کە حکومەت یەکتری گرتۆتەوە سێ پارێزگای لە بن دەستە و دوو ساڵ بەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان دەڕوات هەتا ئێستا شێوە یاسایەک گەڵاڵە نەکراوە بۆ پارێزگاکان کە چۆن ئیش و کاری خۆیان جێبەجێ بکەن، ئەمەش وایکردووە کە تۆ لە هەموو ئیشەکانت بەرەو کوێ بڕۆیت و پرسیار لە کوێ بکەیت و پلان لە کوێ وەربگریت ,ئەمەش گرفتێکی گەورەیە لە بنچینەی یەکگرتنەوەی حکومەت

**گوڵان:**

**ئەمە تەنیا لە سلێمانی وایە، یاخود هەر سێ پارێزگاکەی ژێردەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی گرتۆتەوە؟**

**دانا ئەحمەد مەجید:**

نەخێر من تەنیا باسی ئەساسییەکانم کردووە، ناوی سلێمانیم نەهێناوە کە پارێزگایەک نەزانێت بودجەی ساڵەکەی چەندە؟ مەبەستم تەنیا سلێمانی نییە؟ بەڵکو پارێزگای هەولێر و دهۆکیش بە هەمان شێوەیە، هەرسێ پارێزگا، هەمان گرفتمان هەیە و زۆر یەکتر دەبینین و گفتوگۆ زۆر لەسەر بابەتەکان ئەنجام دەدەین.

**گوڵان:**

**ئەی ئەگەر هەر سێ پارێزگا گرفتیان هەیە لەبەر چییە تەنیا ئەم گرفتەی پارێزگای سلێمانی زەق کراوەتەوە؟**

**دانا ئەحمەد مەجید:**

هەر فەرمانگەیەک یاخود هەر خێزانێک نەزانێت بودجە و داهاتی چەندە ئەو نازانێت پلانێک دابنێت، چۆن پارە سەرف بکات و چی بکات و چی باشە بیکات ,بەڵام بە نموونە باس دەکەم کە نازانم بودجەی پارێزگای سلێمانی چەندە؟ تاوەکو بتوانم بەرنامەی بۆ دابنێم و پلانی بۆ دابڕێژم و شێوە یاسایەک نییە کە لە پەرلەمانەوە دەرچووبێ و جێگیر کرابێت تا پارێزگار بزانێت کە دەسەڵاتەکانی چییە؟ بۆ ئەوەی بە پێی ئەو دەسەڵاتانە ئیش و کارەکانی ئەنجام بدات هەتا ئێستا وەک گوتم حکومەت نییە"بۆ نمونە ئێمە لە سلێمانی ٢٠٠٧/١/٣٠ بە یادی دوو ساڵ تێپەڕ بوون بەسەر دروستبوون و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کۆنفرانسێک ساز دەکەین چەند تەوەرێک لەخۆ دەگرێت.



یەکەم تەوەر ئەوەیە چۆنییەتی ریفۆرمی ئیداری لەناو ئیدارەکان بۆ ئەوەی بتوانین پەیوەندییەکی چاک دروست بێت لەنێوان ئیدارات و خەڵک کە بناغەی دروستبونی ئەنجومەنی پارێزگاکانە لەسەر بنەمای حوکمی لامەرکەزی واتە حوکمی خەڵک لەگەڵ ئیداراتە بۆ بەڕێوەبردنی ئیش و کارەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، تەوەرەیەکی دیکەی کۆنفرانسەکە بریتییە لە دەسەڵاتی ئیداری لەناو پارێزگای سلێمانی، دەسەڵاتەکان دیار نییە، چونکە یەک حکومەت لەناو سلێمانی هەبووە کە لێپرسراوێکی هەبووە ناوی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بووە و چەند وەزیرێک هەبووە و چەندین بەڕێوەبەری گشتی هەبووە، ئێستا ئەمانە لەناو پارێزگای سلێمانی نەماوە و دەسەڵاتەکانیش دابەش نەکراوە یاخود نەدراوەتە کەسانێک کە لە سلێمانین و پێویستی پێی هەیە.

نمونەیەکی زۆر بچوک باس دەکەین، فەرمانگەیەک کە کاری خزمەتگوزاری لە ئەستۆدایە، دەتوانم بڵێم ئەم فەرمانگەیە لە هەموو فەرمانگەکانی تر گرنگترە، هەرچەندە ئەوانی دیکەش گرنگ و پێویستن، بەڵام ئەم فەرمانگەیە پەیوەندی بە ژیانی رۆژانەو بەردەوامی خەڵکەوە هەیە ئەویش دائیرەی ئاوە، خەڵک دەتوانێ بێ کارەبا و بێ سوتەمەنی بژی، بەڵام بەبێ ئاو ژیان ناچێتە سەر، سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بکە بەڕێوەبەرەکەی دەسەڵاتی بڕینی مووچەی یەک رۆژی فەرمانبەرێکی نییە، ئایا ئەم بەڕێوەبەرە چۆن دەتوانی حوکمی بەڕێوەبەرایەتییەکەی بکات کە کارەکانیان دانیشتن لەسەر مێز نییە، بەڵکو کاری کارمەندان لە دەرەوەیە و دەبێ بچنە سەر کار و ئیش بکەن، بەڵام کارمەندان، ترسیان



نییە کە بە چ یاسایەک سزا دەدرێن، ئەمە یەکێکە لە گرفتەکان هەروەها با هەموو دەسەڵاتێکی پێبدرێت ئەگەر بودجە نەبێت دەسەڵات سوودی نییە، وەکو ئەو پەندەی کە کورد دەڵێت (شا بە بازاڕ یاخود پول بە بازاڕ) بەڵێ پوول بە بازاڕ. حکومەتی هەرێمی کوردستانی سلێمانی ئەوکاتە لەبەر ئەوەی نەماندەزانی چ یاسایەک جێبەجێ بکەین، لیژنەیەکی وەزاری دروستکرا کە خۆم یەکێک بووم لەم لیژنەیەدا، بۆ دانی دەسەڵات بە پارێزگار و، ئەم لیژنەیە دەسەڵاتێکی زۆری بۆ دیار کردین، لە ڕاستیدا لە دەسەڵاتی هەموو پارێزگاکانی دیکە پتر بوو، بەڵام وەرە سەر داهات کە دە خاڵی دیاری کردبوو:

١- بودجەی ئاسایی بە هەموو پارێزگای سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٦دا بە قائیمقامییەت و ناحییەکانەوە حەوت ملیارد دینار بوو.

٢- هەقی داوە پێم قەرز لە بانک وەربگرم من چ سەرمایەکم لە سلێمانی هەیە تا بتوانم لە بانک قەرز بکەم و چ بانکێک لە عێراقدا قەرزم پێدەدات بانک قەرز بە حکومەتی عێراقی نادات نەک پارێزگایەک.

٣- کۆمەک وەرگرتن لە ڕێکخراوە مرۆڤایەتییەکانی حکومی و ناحکومی ١٣٨ ڕێکخراوی ingلە سلێمانی هەیە لە جیاتی کۆمەک لە ساڵی ٢٠٠٦ دا ١٩ ملیۆن دیناریان لە حکومەتی کوردستان وەرگرتووە.

٤- زیادکردنی بودجە سەرەڕای پرۆژەکانی گومرک و جۆری دیکە ئەوە من ناتوانم باج زیاد بکەم لەسەر خەڵک چونکە باجەکانی خۆی فوراسی هەیە ئەوەی کە لە گومرک و باجی دەرامەت هەیە هەمووی دەچێتەوە میزانییەی ناوەندی¨هیچی بۆ پارێزگا ناگەڕێتەوە.

٥- لە داهاتەکاندا دەتوانرێ نەقل بکات لە فەسل و مادە ئەمە داهات نییە

ئایا پارێزگاکان بە حەوت ملیار دینارەوە بە هەموو پێداویستی قائیمقامییەت و ناحییەکان و مووچەوە چی بکات؟

**گوڵان:**

**باشە کاک دانا خۆ پێشتریش ساڵانی ڕابردوو هەروا بووە؟**

**دانا ئەحمەد مەجید:**

نەخێر هەروا نەبووە، با بە واقیعی و بە ڕاستی قسە بکەین، لە **ساڵانی ڕابردوو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە سلێمانی بووە و دەتوانین بڵێین سەرۆکی حکومەتی یەک پارێزگا بووە و دەتوانم بڵێم سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە سلێمانی ڕۆڵی پارێزگاری دیتووە تەنیا ناوی گۆڕاوە** و ملیار و نیوێک مادوو ملیار دۆلاری لە بەردەست بووە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری.

**گوڵان:**

**دەوڵەتێکی وەکو ئێران ئەو هەموو پارێزگارەی هەیە یەک حکومەتە و یەک سەرۆکی وەزیرانی هەیە، ئایا دەکرێ لە هەرە پارێزگایەک سەرۆکی حکومەتێک هەبێت؟**

**دانا ئەحمەد مەجید:**

نەخێر، کەس نەیگوتووە ئەمە وابێت، بەڵام ئەمە واقیع حاڵێک بووە کە باسم کرد، من دەڵێم، کاتێک حکومەت یەکتری گرتەوە ئەو دەسەڵاتەی لە سلێمانی هەبووە کە سەرۆکی حکومەتی سلێمانی وەکو پارێزگار بەکاری دەهێنا لەگەڵ خۆی هێنایە هەولێر و لە سلێمانی بەجێی نەهێشت و دابەشی سەر سلێمانی نەکرد تا ئێستا کاری پێ بکەین، واتە من پارێزگارەکەم هاتۆتە هەولێر دەوڵەتێکی عێراقی ١٨ پارێزگای هەیە یەک سەرۆکی حکومەتی هەیە، پارێزگاکان دەسەڵات و سنوور و بودجەی خۆیان دەزانن و لە ناوەندەوە بودجە دابەش دەکرێت هەر یەکەش بە پێی بودجەکەی کار و دەسەڵاتی خۆی دەخاتە ئیش، بەڵام من لە سلێمانی بەو هەموو ئیمکانییەتەی کە هەبوو تەنیا حەوت ملیارم بۆ ماوەتەوە.

**گوڵان:**

**باشە کاک دانا پشتریش کە سەرۆک وەزیران لەوێ هەبوو، بەڵام ئەو هەموو پرۆژانەی ساڵانی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٤و٢٠٠٥ جێبەجێ نەکراوە؟ واتە گرفت و کێشە لە شێوازی بەرنامە و بەڕێوەبردنی پرۆژەکاندا هەر هەبووە، بۆ؟!**

**دانا ئەحمەد مەجید:**

ئەوە کارێکی دیکەیە، حەز دەکەم باسەکان تێکەڵاو نەکەین.

**نەوزاد هادی:**

ئەم بابەت و گفتوگۆیە بە ڕاوبۆچوونی من بیکەینە دوو تەوەرە، ئەو پرۆژانەی لە ساڵی ٢٠٠٥و٢٠٠٦ بە پێی ئەو بودجەی دەهاتە هەرێمی کوردستان جێبەجێ کراوە و بودجەکەی دەهات بە شێوەی ڕێژەیی دابەشی سەر هەر سێ پارێزگای هەولێر و دهۆک و سلێمانی کراوە و هەڵسەنگاندنی ئەو پرۆژانە بکرێت کە بە دەسەڵاتی سەرۆکی حکومەتی ئەوکاتی سلێمانی بکرێت کە ئەو بودجەکەی ورد کردۆتەوە نەک بە دەسەڵاتی پارێزگار.

دووەم تەوەر باسی ئەوە بکەین پاش یەکگرتنەوەی حکومەت چۆن دەسەڵات دابەش بکەینەوە لە کوردستان و دەسەڵاتی لامەرکەزی پارێزگار بەکاری بێنێت. چونکە ئەو حەوت ملیار و ئەو قەرزەی پێیان داوە بە پارێزگاری سلێمانی ئەوە ناکاتە میزانییە.

دەمەوێت.

**دانا ئەحمەد مەجید:**

من دەمەوێت ڕوونتر باسی پارێزگای سلێمانی بکەم، ئەوە داهاتەکانم باس کرد کەچییە و من چی دەتوانم لە پرۆژە دراسە بکەم و چی دەتوانم پارەی بۆ تەرخان بکەم بۆ پرۆژە بۆ ئەوەی جێبەجێ بکەم، ئەمانە بە من نەکراوە، جگە لەوەی ٧٩ ملیار دینار کە لە حکومەتی ناوەندی عێراق



نەوزاد هادی
پارێزگاری هەولێر

دانا ئەحمەد مەجید،
پارێزگاری سلێمانی

بە ناوی گەشەپێدانی هەرێم و پارێزگاکان بۆمان هاتووە، ئەو پارەیەش لە شەش مانگی کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦ هاتووە و پێمانیان گوتووە دەبێ پرۆژەکان لەم ماوەیە (شەش مانگەکە) تەواو بکەن دەنا پارەکە نادرێت، ئێمەش لە پارێزگا بە پێی ڕێژە، قائیمقامییەت و ناحییەکانمان و ناوەندی پارێزگا پرۆژەکانمان وەرگرتووە و بە پێی ئەلەویەت و پێویستی پرۆژەکان ئەنجام دراوە و بە گشتی بەو پارەیە ١٨٥ پرۆژەی جۆراوجۆر جێبەجێکراوە، بۆی هەیە هەندێ هەڵە لە پرۆژەکان یاخود ئەولەوییەتی پرۆژەکان کرابێت بەڵام ئەمەش لەبەر پەلەکردن بووە بۆ وەرگرتنی هەموو پارە تەرخانکراوەکە.

**گوڵان:**

**باشە کاک نەوزاد ئایا ئەو گرفتانەی لە سلێمانی هەیە لە هەولێریش هەبووە؟ یان دەسەڵاتی ئێوە وەکو پارێزگاری هەولێر پتر و جیاواز بووە لە سلێمانی؟**

**نەوزاد هادی:**

دەبێ ئێمە واقیع حاڵەکە باس بکەین، چونکە هەر خەڵکێک هەر وڵاتێک هەر میللەتێک بە گوێرەی خۆیان سیستەم دادەڕێژن، چونکە پەیوەندی بە بارودۆخی خۆیانەوە هەیە، بارودۆخی کوردستانیش ڕوون و ئاشکرایە، کوردستان ماوەیەک دابەشی سەر دوو دەسەڵات بوو لە پارێزگای سلێمانی یەکێتی لێی بەرپرس بووە و لە هەولێر و دهۆکیش پارتی لێی بەرپرس بووە لە هەردوولا سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەت هەبووە لەوانەیە هەولێر لە قۆناغێکی دیاریکراودا هاوکاری پتر پارێزگای کراوە و دەسەڵاتی پتری پێدراوە، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٥ و٢٠٠٦ پاڵپشتی و هاوکاری پارێزگاری هەولێری کردووە و، هاوکات هی دهۆکیشی کردووە، جگە لەو میزانییەی بۆ گەشەپێانی پارێزگاکان هەبووە، کە دەسەڵات لەکوردستان دابەشبوو، هۆکاری خۆی هەبوو، چونکە ٤٢ ساڵ کێبڕکێی سیاسی لە کوردستان هەبووە و یەککگرتنەوەش بە تەئکید زۆر ئاسان نییە، لە بنەڕەتەوە ئامادەباشی و کارکردنی دەوێت، هەر ئەوە نییە کە دوو کەسی سیاسی دابنیشن و وەرەقەیەک ئیمزا بکەن کە بەمە کوردستان یەکتری گرتەوە، بەڵکو هۆکارەکە لە خوارەوە بۆی چووە و بۆی هەیە ئێستاش لە لای خوارەوە ئامادەباشی نەبێت بۆ یەککگرتنەوە، بەڵکو ئێستاش منافەسە هەیە، کە ئەمەش کاریگەری نیگەتیڤانەی لەسەر قەزیەکە و مەلەفی کوردی و جێگا و پێگەی کورد لە عێراق دەبێت.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنەکان چونکە بە هەڵبژاردن یەککگرتنەوەی کوردستان هاتۆتە دی، لەسەر ئاستی عێراق کورد لیستێکی هەبوو و لە سەر ئاستی کوردستانیش لیستێک هەبوو، بەڵام لەسەر ئاستی پارێزگاکان بڕیاردرا منافەسە بکرێت، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بە منافەسە پیادە کرا، دیارە حیکمەتێکی تێدا هەبووە، لەوانەیە **لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان لەو قۆناغەدا یەککگرتن و یەک لیستی ئاسان بووە، بەڵام یەککگرتنەوە لەسەر ئاستی پارێزگاکان ماوەی پتری بووێت و کار و ئیش و ئامادەباشی زۆرتری دەوێت، چونکە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا منافەسە هەبووە و کراوە،** بەڵام ئەوەی کاک دانا باسی کرد، چونکە یاساکە یاسای بریمەر بوو ئەساسی هەڵبژاردنەکە لە پەرلەمانی خۆمان هێشتا مسادەقەی لەسەر نەکراوە کە بە قانونی دەبێت لەناو کوردستان مومارەسەی بکەیت کە ئەویش یاسای پارێزگاکان و ئەنجومەنی پارێزگایە کە دەسەڵاتی لامەرکەزییە و ئەوەش سیستەمێکی سەرکەوتووە لە هەموو وڵاتانی دنیادا، تەماشای ئەمەریکا و ئەڵمانیا بکە پتر لە ٧٠ وڵات لە دنیادا سیستەمی

لامەرکەزییە یا فیدراڵییە، زۆرجار لەگەڵ قانونییەکان جیاوازیمان لەنێوان دروست بووە کە دەڵێن مادام هەرێم هەیە، نابێت فیدراڵی پارێزگاکان هەبێ، بەڵام فیدراڵی پارێزگاکان لەناو قەوارەی هەرێمە، مەبەست سیستەمی ئیداری بەڕێوەبردنە، چونکە لامەرکەزییەتە بۆ ئەوەی ئیش خێراتر و باشتر و جوانتر لە پارێزگاکان بەڕێوە بچێت، ئەو بۆشاییەی کاک دانا باسی دەکات کە کاتێک سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران گوازراوە هەولێر، چونکە ئەو قانونە دەرنەچووە بۆیە حوکمی لامەرکەزی بۆ پارێزگای سلێمانی نەگەڕایەوە هەربۆیەش هەست بەو بۆشاییە دەکرێت لە سلێمانی،

**گوڵان:**

**ئێوە وەکو پارێزگایەکان داواتان کردبوو؟**

**نەوزاد هادی:**

بەڵێ بە تەئکید ئێستاش لە پەرلەمانە، کاک شێروان حەیدەری وەکو سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمان ئاگادارە، بەڵام ئەمەش گفتوگۆی لەسەرە بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکان چۆن دیاری بکرێت و زۆر بێت یاخود کەم بێت، بەڵێ، **دەسەڵاتەکە لەناو هەرێم لامەرکەزی یا مەرکەزی بێت ئەمە تا ئێستا یەکلانەکراوەتەوە چونکە بۆی هەیە خیلافی سیاسی لەسەر هەبێت** لەوانەیە بیری سیاسی خەڵکانی دیکەی لە بارەیەوە هەبێت، هەتا ئەو شێوەیەی پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەر دەدا و سەرۆکی هەرێم موسادەقەی لەسەر دەکات ئەوکاتە فیعلەن دیار دەکرێت کە دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگا و پارێزگار چەندە و میزانییەکەی چەند دەبێت، ئەوکات دەتوانرێ هەڵسەنگاندنی پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگا بکرێت کە لەسەرکارکردن و توانایان ئەمە قۆناغێکە، بەڵام ئەگەر بەراوردی پرۆژە وکارەکانی ساڵانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ لە پارێزگای سلێمانی و هەولێر و دهۆک بکەین، ئەمە قۆناغێکی ترە، ئایا ئەمە بە پلانێکی باش ئەنجام دراوە یاخود ئەو پارەیەی ورد کراوەتەوە بەهەڵە بەکارهاتووە یاخود هەر ئەوەندەی لێی دەزانین و ئایا پرۆژەکان چەند گرفتی خەڵکی چارەسەر کردووە؟

**گوڵان:**

**بە ڕای من سیستەمی لامەرکەزیم زۆر لەلا سەرکەوتووە و پەیڕەوی لێ بکرێت ئەو گلەیی و گرفتەی لە سلێمانی هەبووە لە دهۆک و هەولێریش هەبووە نامێنێت، چونکە ئەگەر وەزارەتەکان بێن ئیش وکاری پارێزگاکان بکەن ئەوە گرفت و کێشە دروست دەبێت ئیدارەی سلێمانی پتر ئاگادار و شارەزایە لە ئیش وکارەکانی پارێزگای سلێمانی و ئاسانتر ئیشەکەی پێدەڕوات، بۆ ناو شاری هەولێریش هەمان بابەت جێبەجێ دەبێت.**

**دانا ئەحمەد مەجید:**

کە ئەنجومەنی وەزیران لە سلێمانی بووە ئیشوکاری خۆی کردووە ئەو بەڕێوەبەرایەتییانەی کە لە سلێمانی هەیە ناوی وەزارەت بووە بەپێی دەسەڵاتی خۆیان هەریەکە ئیش وکاری کردووە کە ئەنجومەن و وەزارەتەکان ڕۆیشتوون ئەو دەسەڵاتانە بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکان بەجێ نەماوە، پێکهاتنێکی سیاسی کراوە بۆ یەکگرتنەوەی حکومەتی کوردستان، نەهاتوون پێشتر دراسەی ئەوە بکەن کە ئەم دەسەڵاتەی کە وەزیر پێشتر لە سلێمانی بووە بەڕێوەبەری فەرمانگەکان بە ئاسانی کارەکانیان ڕاپەڕاندووە، بەڵام کە وەزیر ڕۆیشتووە بەڕێوەبەری دائیرە ئەو دەسەڵاتەی نییە وەکو جاران کە وەزیر لە سلێمانی هەبیوو بۆیە بۆ زۆر لەکارەکان دەبێ خەڵک بێتە پایتەخت، ئەوەش لەوە هاتووە کە ڕاگەیاندنەکان دەڵێن سلێمانی بۆتە قەزا، بۆتە قائیمقامیەت، پارێزگا مانای دەسەڵات، قائمقامیەت مانای دەسەڵات، سەرۆکی وەزیران مانای دەسەڵات، ئەگەر دەسەڵاتەکانت نەما ناوت هەر شتێ بێت سوودی نییە، ئەمە لایەنی یەکەم، لایەنی دووەم کاتێک سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە سلێمانی هەبووە زۆر پرۆژەی ئەنجامداوە لە سلێمانی هەر بە ملیارات دۆلاری تێدا خەرج کراوە.

**گوڵان:**

**بەڵام کاک دانا سلێمانی تا ئێستا گرفتی بێ ئاوی زۆر هەیە؟**

**دانا ئەحمەد مەجید:**

سلێمانی خۆی شارێکە زۆر گەورە بووە و ژمارەی دانیشتوانی زیادی کردووە ئەو پرۆژانەی کاتی خۆی بۆی کراوە بۆ ٣٠٠ هەزار کەس بووە، ئەگەرچی ئێستاکە ژمارەی دانیشتوانی خۆی لە (٨٥٠ تا ٩٠٠) هەزار کەس دەدات، ئەمەش کارەبا و ئاو وکاری خزمەتگوزاری دیکەی زۆرتر دەوێت، حکومەتی عێراق وایکردبوو تەنیا خەڵک لەناو سنووری (٦٠) مەتری بژیت.

**گوڵان:**

**ەمە راستە بەڵام خۆ هەولێریش بەهەمان شێوە، گوندەکانی تێکدراو خەڵکەکەی گوازرایەوە بۆ شار و هەولێر زۆر پەرەیسەندووە؟**

**دانا ئەحمەد مەجید:**

تا ساڵی (٢٠٠٣) ش ئیمکانیاتی هەردوو حکوومەتی هەرێم ئەوە نەبوو کە پرۆژەی گەورە و زۆر ئەنجام بدرێت، بەڵام لەدوای (٢٠٠٣) کارکراوە کە ئێستا سلێمانی پێنج بەرامبەری جارانە ژمارەیەکی باش پرۆژەی گەورە و باش دروستکراوە، لەڕاستیدا یەکەمین پاڵاوگەی نەوت ئەگەر دەستکردی ناوخۆش بێت بۆ یەکەمجار لە کوردستان لە سلێمانی دانرا کە ڕۆژانە ٢٠ هەزار بەرمیل دەپاڵێوێت. لە هەمانکاتدا لە هەموو شارۆچکە و ناحیەکان کۆمەڵگای ئیدارەکان و پرۆژەی جیاجیا دروستکراوە، بەڵام هەرچی داواکاری و بودجە و پارە هەیە داوامان لە بەڕێز عومەر فەتاح کردبێت پشتگیری کردووین و بۆی دابین کردووین.

**گوڵان:**

*** کێشەکان ئەوە نییە کە کاک دانا باسی دەکات، بەڵکو ئالییەتێک نییە لە نێوان سەرۆکایەتی شارەوانی و پارێزگا و پرۆژەکان، کۆمەڵێک لە تێکەڵی و جۆرێک لە ناڕێکی دیاریکردنی دەسەڵاتەکان هەیە، دەنا پێشتریش ئەم گرفتانە هەبووە، بەڵام کێشەکان ئێستا پتر زەق بۆتەوە و پێتوانییە گرفتەکان لە دۆزینەوەی میکانیزمێکە لەنێوان سەرۆکایەتی شارەوانی و پارێزگاوە، چونکە تائێستا شارەوانی ڕۆژێک لە ڕۆژان گرفتێکی نیشان نەداوە، بەڵام زیاتر پارێزگار باسی دەکات.**

**شێخ سالار:**

کاک دانا وەکو پارێزگار سەرۆکی یەکەی کارگێڕی هەموو پارێزگای سلێمانییە و ئێمە ئەنجومەنی شارەوانین کە بریتییە لەو ئەنجومەنەی کە لەلایەن خەڵکی پارێزگای سلێمانی هەڵبژێردراوین، ڕەنگە لە سنووری دەسەڵاتی پارێزگارە ئەوە (٥٨) شارەوانییەی پارێزگای سلێمانی کە ئێمەش یەکێکین لەو (٥٨) ئەنجومەنی شارەوانییە، کاری ئێمە بریتییە لە



شێخ سالار
جێگری سەرۆکی شارەوانی سلێمانی

دروستکردنی پرۆژەی ئاو و ئاوەڕۆ و قیرتاوکردن و پاککردنەوەی ناو شارو ..تاد.

ئێمە وەکو شارەوانی سلێمانی تا ئێستا گرفت و کێشەمان لەگەڵ پارێزگاری سلێمانی نەبووە، لە رووی دەسەڵاتەوە، ئێمە دەسەڵاتمان جیاوازە لەگەڵ دەسەڵاتی پارێزگاوە، شارەوانییەکان لە رووی دەسەڵاتەوە سەر بەوەزارەتی شارەوانین و دەسەڵاتی ئێمە لەلایەن وەزیری شارەوانی دیاریکراوە بەپێی قانوونی ژمارە (٦) ساڵی ١٩٩٣ و بەپێی ئەو دەسەڵاتەوە هەڵبژاردن بۆ دیاریکردنی ئەنجوومەنی شارەوانی کراوە و کارکردنیشمان هەر بە پێی ئەو دەسەڵاتانەیە و زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی سلێمانی و سنووری گەڕەکەکان گەشەکردنێکی سروشتی نەبووە، زۆر کێشەی دروستکردووە.

**گوڵان:**

**ئێوە ئەوەندە باسی زیادبوونی دانیشتوان دەکەن، باشە خۆ ئەوە گەورەبوون و زیادبوونی ژمارەیەی دانیشتوان بەم شەش مانگە رووی نەداوە، بەڵکو بەرەبەرە زیادبووە، بەڵام ئەو گرفتانە هی پێشترە کەڵەکە بووە، بەڵام ئێستا باسی لێوە دەکرێت؟**

**شێخ سالار:**

ئەو کێشانە دێتە بەردەم پرۆژەکان لە سلێمانی، من لە سێ خاڵ چڕی دەکەمەوە بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەبێت.

١- دیاری نەکردنی دەسەڵاتەکان

٢- بودجە

٣- رۆتین

لەبارەی دەسەڵاتەکان پێشتر وەکو ئەنجوومەنی شارەوانی سلێمانی دەسەڵاتمان هەبووە کە پرۆژەیەک رابگەیەنین بە بڕی (٧٥٠) ملیۆن دینار و بۆمان هەبووە پرۆژەیەک بەتەنفیز مباشر بکەین بە (٣٠) ملیۆن دینار، **دوای ئەوە ئیدارەیەکی گرتۆتەوە شارەوانی سلێمانی یەکێکە لەو فەرمانگانەی کە کار و ئیشی رانەوەستاوە و پرۆژەکانی نەوەستاوە.**

**گوڵان:**

**واتە ئێوە ئێستا گرفتان نییە؟**

**شێخ سالار:**

نەخێر ئێمەش گرفت و کێشەمان هەیە.

**نەوزاد هادی:**

ئەوەی باست کرد لە دەسەڵاتی خۆتانەوە بودجەکە لەسەر پارێزگای سلێمانییە و ئێستاش ئەوە تۆ باسی دەکەیت لە دەسەڵاتی وەزارەتی شارەوانی نییە و بودجە لە بودجەی سلێمانی وەردەگرێت.

**شێخ سالار:**

راستە بودجە یەکی نەگرتۆتەوە و ئێمە ناڵێین دەسەڵاتەکان لێمان وەرگیراوەتەوە و نازەنین خان وەزیری شارەوانی پێی گوتووین بە دەسەڵاتە کۆنەکانتان ئیش بکەن، بەڵام ئەمەش هەر بە زار بووە.

**گوڵان:**

**واتە ئێوە هەر ئیشتان کردووە و گرفتان نییە؟**

**شێخ سالار:**

ئەو بودجەیەی بۆ ئێمە تەرخانکراوە کەمە، بۆ نموونە کە دەتەوێت پرۆژەیەک یاخود باڵەخانەیەک لەناو سلێمانی دروست بکەیت ئەوە بودجەمان نییە.



**گوڵان:**
**بۆچی نیتانە، خۆ ئەو پارەیە نەهاتووە بۆ هەولێر؟**

**نەوزاد هادی:**
**ئەو بەشە پارەی بۆ سلێمانی دانراوە دابەش بووە تا ئێستاش بەشە پارەی سلێمانی ناهێتە هەولێر و هی هەولێریش ناچێتە سلێمانی، بەڵام ڕاگەیاندراوە کە لە سلێمانی حجزی میزانیە هەیە بۆیە پارە لە سلێمانی نییە.**

**گوڵان:**
**کاک دانا خۆت گوتووتە و کاسێت هەیە کە دەڵێیت سلێمانی لە پاش ئەوەی حکومەت یەکی گرتۆتەوە بۆتە قائیمقامییەت؟**

**دانا ئەحمەد مەجید:**
بەڵێ ڕاستە، بەڵام نەمانگوتووە یەکگرتنەوەی حکومەت خراپە و بودجە چۆتەوە هەولێر، دەڵێین ئیشەکان وای لێهاتووە.

**نەوزاد هادی:**
کاک شێخ سالار باسی هەندێ لە گرفتی کرد لە شارەوانی وەکو ڕۆتین لە ڕاپەڕاندنی کاروپرۆژەکاندا، ڕاستە ئەو ئیشە تایبەت نییە بە شارەوانی، بەڵکو کاروئیشی پارێزگایە، چونکە پارێزگار هەڵسوڕێنەری هەموو فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکانە، واتە پارێزگار بڕیار دەدات بە فەرمانگەی ئاو و ئاوەڕۆ کارەبا و تەندروستی...تاد، هەر ڕێگر و گرفتێک بێتە پێش لە هەر کارو پرۆژە و فەرمانگەیەک چارەسەر و بەدواداچوون و ڕاپەڕاندنی لەسەر ئەستۆی پارێزگایە، نەک شارەوانی، بەڵکو شارەوانی لە سنووری خۆی دەسەڵاتی هەیە، بۆ نموونە لابردنی زیدەڕۆیی و ئیستملاک کردنی خانوو یاخود دوکان و باڵەخانە ئەوە بە شارەوانی ناکرێت، بەڵکو پارێزگا ئەمە دەکات، چونکە لایەنی پەیوەنداری هەیە و پۆلیسی هەیە، بەڵام ئەمە بە یاسا دەتوانرێ جێبەجێ بکرێت، لە لایەکی تر شارەوانی دەڵێت بە هەڵبژاردن بە پێی یاسای ژمارە ئەوەندە هاتووە و دەسەڵاتەکانیشم ئەوەندەیە، بەڵام ئەنجومەنی پارێزگاش بە هەڵبژاردن دانراوە و بە قانوونی بریمەر هاتووە، ئەگەر دەسەڵاتەکانی یاسای بریمەر بخوێنییەوە ئەوە ئەنجومەنی شارەوانی نەهێشتووە و دەڵێت ئەنجومەنی پارێزگا ئەنجومەنی شارەوانی دادەمەزرێنێ و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگا کە لە یاسای بریمەر هاتووە ئەو ئەنجوومەنە پارێزگار و جێگری پارێزگارو ئەنجومەنی شارەوانی و قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیە و ئەنجوومەنی قەزا و ئەنجوومەنی ناحیەش دادەمەزرێنێ (دیاری دەکات) و بەڕێوەبەری فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکان دامەزراندن و دەستنیشانکردنی لە دەسەڵاتی پارێزگارە، لە پارێزگای هەولێر تەندروستی و زراعە و پەروەردە کە پلەیان بەڕێوەبەری گشتییە لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگایە دەستنیشانیان بکات و دایانبمەزرێنێ، یاسای ئەنجومەنی پارێزگا و شارەوانی تا ڕادەیەک بەیەک دەکەون و لێکتر نزیکن، بۆیە دەبێ ئەوە بە یاسا چارەسەر بکرێت و ئەمەش لە پەرلەمانی کوردستان تاوتوێ بکرێت و بڕیاری لەسەر بدرێت.

**شێخ سالار:**
یەکێک لە کێشەکانمان ڕۆتینە، کە دەمانەوێت پرۆژەیەک بە ئەنجام بگەیەنین دەبێت ڕەزامەندی وەزارەتی بۆ وەرگرین ئەمەش تا دەچێتە هەولێر و لەپاشان (١٥) ڕۆژ تاوتوێ بکرێت ئینجا لە پلاندانانەوە بچێتەوە نووسینگەی وەزیر و لەویش جارێکی تر لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت بۆ ئەم کارانەش پتر لە مانگێکی پێدەچێت، ئەگەر کارەکە لە پایز کرابێت ئەوە وەرزی زستانی بەسەردا دێتەوە و دەبێ ئیشەکە بوەستێت تا بەهار دێتەوە، مەبەستم لەمە ئەوەیە ئەو دەسەڵاتە بدرێتە بە پارێزگار یان سەرۆکی شارەوانی یاخود هەرکەسێک بەڵام کارەکە زوو جێبەجێ بکرێت، هاوکات ئەوەی کە کاک نەوزاد باسی دەکات کە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگا و شارەوانی بەناو یەکتردا دەچن، بەڵام دیارە هەردوو لابە هەڵبژاردن هاتوونە و یاسایەک نەهاتووە شارەوانییەکان نەهێڵێت ئەمەش کار و ئیشی پەرلەمانی کوردستانە ڕێکیبخاتەوە و بڕیاری لەسەر بدات.

**شێروان حەیدەری:**


شێروان حەیدەری، بەرپرسی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان

پێشەکی لەسەر قسەکانی کاک دانا ئەحمەد گفتوگۆ دەکەم کە دەڵێت پەرلەمانی کوردستان کەمتەرخەم بووە لە بارەی دانانی یاسایەک بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان، لە ڕاستیدا لە دوای دەستپێکردنی پەرلەمان لە ٤/٦/٢٠٠٥ کە یەکەم کۆبوونەوەمان ئەنجامدا لە پەرلەمان باس لەو بابەت و یاسایە کرا و ئێمە بڕیارێکمان هەبوو تاوەکو هەردوو ئیدارە یەکتر نەگرنەوە هیچ جۆرە پرۆژەیەک لە هەردوو ئیدارە وەرناگرین، تەنیا ئەو پرۆژانە نەبێت کە لەناو پەرلەمان هەڵدەقوڵێت، واتە هیچ پرۆژەیەکمان وەرنەگرتووە چ لە ئیدارەی هەولێر و چ لە ئیدارەی سلێمانی بۆ ئەوەی بدرێتە پەرلەمان و بڕیاری گونجاوی لەسەر بدرێت لە چوارچێوەی ئەوەش یاسای پارێزگاکان بوو، برادەرانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک دوو سێ کۆبوونەوەمان لەگەڵیان کردووە، بەهەمان شێوە لەو تەوەرانە دوان کە بەڕێزان دانا ئەحمەد و نەوزاد هادی کە ئیشارەتیان پێدا، ئێمە گوتمان ئەگەر ئیدارەکان یەکنەگرنەوە ئامادە نین هیچ پرۆژەیەک بروێنین لە کاتێکدا وەکو ئێستا کە ئیدارە یەکتری گرتۆتەوە پرۆژەیەکمان بۆ هاتووە، پرۆژەکە لە ماوەی ١٠ ڕۆژی ڕابردوو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا و پرۆژەکە پڕیەتی لە کەموکوڕی و لێرەدا دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە یەکەم خاڵ ئەوەیە ئێمە نابێت خۆمان وا بژمێرین وەکو ئەوە

پارێزگایانەی کە لەژێر هەرێمێک نین وەکو پارێزگای موسڵ یاخود دیالە، پارێزگاکانی ئێمە ڕێکدەخرێت لەژێر هەرێمێکدا واتە ئێمە ئەو لامەرکەزییەی کە دەمانەوێت دەبێ خۆمان دایبڕێژین نەک پشت بە یاسای بریمەر ببەستین کە وەکو ئێستا پشتی پێی بەستراوە.
ئەو یاسایەی کە هاتووە یاسایەکی پڕاوپڕ نییە لە ڕاستیدا دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای تێدا دەستنیشان نەکراوە و هەندێ دەسەڵاتی ئیداری کەم دراوەتە پارێزگارەکان مومکینە بەپێی ئەو لامەرکەزییەی کە تێدایە زۆربەی دەسەڵاتەکانی داوەتە ئەنجومەنی پارێزگاکە و پارێزگا تەنیا دەوری پەیوەندییەکانی هەیە و ڕۆڵی تەوجیهاتی هەیە و پارێزگار لایەنێکی ڕاپەڕاندنە بۆ کاروباری ئەنجومەنی پارێزگا کە بڕیاری لەسەر دەدەن، ئەمە لەلایەک، لە لایەکی دیکەوە لەهەمان یاسادا جیهازی شارەوانی داناوە بە تەعین واتە هیچ شتێکی بۆ شارەوانی نەهێشتووەتەوە لە حاڵێکدا ئەجهزەی شارەوانی دیار و جێگیرە و ئەنجوومەنی شارەوانی و دەسەڵاتی شارەوانیش دیار و جێگیرە بەپێی یاسایەک کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کراوە، باشە ئەو تەداخولەی کە هەیە پێویستە بە یاسایەک جێبەجێ بکرێت و پێشکەش بە پەرلەمانی بکرێت، لایەنی سێیەم لەم یاسایەدا هەندێک لە دەسەڵاتەکانی وەزارەتەکان وەرگیراوەتەوە دراوەتە بە ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەمە پێویستی بە یاسا هەیە بۆ ئەوەی بزانین ئەو دەسەڵاتانە چییە لە وەزارەتەکان وەرگیراوەتەوە و دراوەتەوە ئەنجومەنی پارێزگاکان.
خۆتان دەزانن یەک لە بنەماکانی دەستوور لامەرکەزییەتی ئیدارییە ئەو لامەرکەزییەتی ئیدارییە لەگەڵ فیدراڵییەت هەموو کات بە یەکەوە بەستراوەتەوە لەگەڵ دیموکراتییە یەک تەواوکاری یەکترین و هەر سێکیان بە یەکەوە بەستراون.
ئێمە کە دەڵێین دەسەڵاتی پارێزگاکان مەبەست ئەوەیە ئەنجوومەنی پارێزگاکان ئەو دەسەڵاتانەیان هەبێت و نەگەڕێتەوە بۆ وەزیرەکان و نەگەڕێتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیرەکان واتە شەخسییەتێکی سەربەخۆی تەواویان هەبێت و پارە و بودجەیەکی باش و تەواویان هەبێت.
هەروەها ئەنجومەنی قەزا و ناحییەکان لە ئایینددا وەکو لە یاسای



ئەندازیار عەبدوڵڵا، یاریدەدەری سەرۆکی شارەوانی سلێمانی

١٥٩ هاتووە لە ساڵی ١٩٦٩ کە زۆر بە ڕێکوپێکی ئەو یاسایی پارێزگاکانە بەڵام کاری پێنەکرا.
* کاک شێروان لە وەتەی حکومەت یەکتری گرتۆتەوە ئەوە دەگوترێ کەچی ئەوە تەنیا ١٠ ڕۆژە سەیری ئەو نووسراوەتان کردووە کە لە پارێزگاوە بەرز کراوەتەوە، کەواتە بە دوو ساڵی تر ئەو یاسایە دەرناچێت.
- بەڵێ ١٠ ڕۆژ دەبێ سەیرمان کردووە و ئێستا یاسایەکی موتەکامل هاتووە لە ڕاستیدا دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگاکان یەکێک لەو خاڵانەیە کە دەستنیشان نەکراوە، چییە دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگاکان؟ ئەمە لە لایەک و مەسەلەی بودجە ڕێکەوتنێکی سیاسی هەبوو کە لە ساڵی ٢٠٠٦ چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت کە کاک نەوزاد و کاک دانا ئیشارەتیان پێدا، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٧ بە باوەڕی من هەر پارێزگایەک هەقی خۆیەتی میزانییەکەی خۆی هەر لە ئێستاوە دیار بکات، ئینجا مانگێکی تر بۆی هەیە میزانییەکە بێتە پێش دەستی پەرلەمان.

**نەوزاد هادی:**

ئەگەر یاسا نەبێت و دەستنیشانی دەسەڵات نەکرابێت چی لە میزانییە بکەین؟

**شێروان حەیدەری:**

لە بارەی ئەوەی ئەنجومەنی شارەوانی بمێنێت یاخود نەمێنێت و هەڵبژاردن بۆی بکرێت یا نەکرێت ڕاوبۆچوونی جیاجیا هەیە، هەندێک دەڵێن ئەنجومەنی شارەوانی بمێنێت، چونکە ئێمە پەنامان بردۆتە بەر لامەرکەزی بۆ بەڕێوەچوونی ئیداری، واتە بەشداربوونی جەماوەر پێویستە لە بڕیار وەرگرتندا ئەمەش لە نوێنەرانی جەماوەر دەبێت لەناو ئەنجومەنی شارەوانی تا بتوانی خزمەتی گەل و نیشتمانەکەی بکات، ئینجا لایەنی دووەم، ڕاوبۆچوونیان ئەوەیە، شارەوانی هەولێر یاخود سلێمانی پەیوەندی بە سنووری شارەوانی هەیە، بەڵام ئەنجومەنی پارێزگا پەیوەندی بە سەرتاسەری پارێزگاکە هەیە بۆیە ڕاوبۆچوونی وا هەیە کە ئەنجومەنی شارەوانی بمێنێت.



عەبدولحەمید بەرزنجی، مامۆستای زانکۆ